www.kurdistannet.org
13-2-2006 11:48بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دواکەوتەژیری و هۆکارەکانی ... بەشی سێ یەم و کۆتایی ... بەکوردی کردنی: خاڵەبەکر

bakeramin@hotmail. Com

ئەوهۆکارە ژینگەییانەی کە پێش لەدایك بوون ڕوودەدەن و ئاکامی دواکەوتەژیریان لێ دەکەوێتەوە ئەمانەن:

١. توشبوونی دایك لە سێهەم مانگی سك پڕیدا بە نەخۆشیەکی کاریگەر وەکو نەخۆشی سورێژەی ئەڵمانی"حێبە" وەیان نەخۆشی سیفلس "زهری"، بەم شێوەیەش نەخۆشیەکە یەکاویەك لە ڕێگەی داییکەوە دەگوێزرێتەوە بۆئاولمەکەو"جەنین"ئاکامەکانی نەخۆشیەکە وەردەگرێت و دەبێتە هۆی شێواندن و دووچاربوون بە کەڕوڵاڵی وەیان بە کوێربوون وەیان دووچاربوون بە نەخۆشێکانی دڵ و پوکاندنەوەی مۆخی کۆرپەلەکەMicrocephalis دواجاریش کاریگەری دەکاتە سەر نشونماو گەشەی جەستەیی و ژیری منداڵەکەو ئاکامەکەشی بە دواکەوتەیی دێتەبەرهەم.

"فرازەر"یشFrazer ئەوەمان وەبیر دێنێتەوەکە لە ١٧% تا ٢٤% ی ئەو منداڵانەی کە لە سکی دایکیانابوون و دایکیان دووچاری یەکێ لەو نەخۆشیانە بووە کە لە سەرەوە ناومان هێنان کاریگەریان کردۆتە سەر منداڵەکەو بەشێواوی لەدایك دەبن.

ئەگەرەکانی ئەم شێواویانەش کاریگەرتر دەبێت گەر بێت و دایکەکە لە کاتی سك پڕی سێ مانگی یەکەمدا دووچاری یەکێك لەو نەخۆشیانە ببێت، وە بەپێچەوانەشەوە کاریگەرێکە ئەهوەن تردەبێت، (واتە گەر بێت و دوای سێ مانگی یەکەم ڕووبدەن) ئەوەی شایەنی وەبیرهێنانەوەیە نەخۆشی سورێژەی ئەڵمانی لە ڕێگەی "کوتان"ەوە ڕێگەچارەی بۆ دۆزراوەتەوەو چارەسەردەکرێت، لێ بەتایبەتی سەبارەت بە کۆرپە کچۆڵەکانیش ڕێنماییەکان ئەوە پەسەند دەکەن کەپێدانی قەترەی دژەسورێژەی ئەڵمانی شیاوترو باشترە لە بری کوتان، بەم شێوەیەش دووچاربوونی دواکەوتەژیری بنبردەبێت وەیان کەم دەبێتەوە.

٢. پشێویەکانی ژەهراوی بوونی ئۆرگانی جەستەییToxins icOrgan.

ئەو نەخۆشی و پشێویانەی کە دایکەکە دووچاری دەبێت، بێگومان کاریگەری دەکاتە سەر ئەو ئاولمە"جەنین"ەی کە لەمنداڵدانیایەتی ئاکامەکەشی ژەهراوی بوونی لێ دەکەوێتەوەو ئەو ژەهراوی بوونەش لە ڕێگەی ڕیخۆڵەی ناوکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ "جەنین"دواجار کاریگەری دەکاتە سەر دەمارەکانی کۆئەندام و ئاکامیش لێکەوتنەوەی دواکەوتەژیری.

٣. نەمان و کەم بوونەوەی ئۆکسجینی تەواو بۆ جەنین xygenO Inadequate.

جەنین لە ڕێگەی میکانیزمی سووڕی خوێنەوە ئۆکسجین وەردەگرێت و بۆی دەچێت، وە ئەگەر بێت و بە هەر هۆکارێکەوە بێت ڕێژەی وەرگرتن و چوونی ئۆکسجین بۆ "جەنین" کەم بێتەوە وە یان نەمێنێت ئەوە بێگومان بە شێوەیەکی گشتی کاریگەری دەکاتە سەر گەشەو نشونمای"جەنین" وە بە شێوەیەکی تایبەتیش کاریگەری دەکاتە سەر کۆئەندامی دەمارەکانی.

لێرەشدا"پورن"Thorneلەمەڕ ئەم دۆخە بەم شێوەیە گوزارشت دەکات – گەربێت و دایکەکە بەئەندازەیەك بێ بەش بێت لەوەرگرتنی ئۆکسجین بێگومان کاریگەری دەکاتە سەر هەردوکیان ئاکامەکەشی دەبێتە هۆی تێکچونی کۆئەندامی دەمارەکان.

٤. توشبوونی دایك بە نەخۆشی" زەردەتا"، دووچار بوونی سك پڕ بەم جۆرە نەخۆشیە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی"بیلیروبین"Bilirubin ئاکامیش ئاولمەکە"جەنین" دووچاری نەخۆشیەك دەکات پێی دەوترێت
نەخۆشی زەردەمۆخKenicterusکاریگەریەکی تایبەتیش دەکاتە سەر "جەنین" و پاشانیش کەوتنەوەی دواکەوتەژیری.
٥. ئاستەنگەکانی بەدخۆراکی سەبارەت بەسك پڕProblems Nutritional.
سەبارەت بەم ئاستەنگەش "پورن" وای بۆ دەچێت گەر بێت و دایکەکە دووچاری" ئەنیمیا" بێت ئەوا بێ گومان کاریگەریش دەکاتە سەر "جەنین"و بە پێی پێویست ئەو خۆراکانەی بۆ ناچێت کە دەبنە هۆی گەشەونشونماکردنی، چونکە لەم دۆخەدا سودمەندێتی مادەکیمیاویەکان و فیتامیناتە جۆراوجۆرەکان بەشێوەیەکی گونجاوو تەندروست ناگەنە"جەنین"، لەبەر هەندێ بەردەوام دەبێتە هۆی تێکچونی "جەنین"ولە ئاکامیشدا کەوتنەوەی دواکەوتەژیری.
٦. ڕوبەڕووبوونەوەی سك پڕ بەرامبەر هەندێ کارەساتی کتوپڕ، وەك شێوەی دووچار بوونی پشێوی دەردەری ڕژێنەکپەکان"افرازات غدد الیما و " وەهەروەها ڕووبەڕووبوونی دایك بەرامبەر بە تیشکی ئێکس"اشعە اکس" وەهەروەها هەوڵ دان بۆ لەباربردنی"اجهاچ" جەنین"ەکەو نەگەیشتن بەئەنجامدانی، وەهەروەها تووشبوون و دووچاربونی دایکەکە بەتایەکی ئیجگار کاریگەرو، کارلێکردنی تاووتوێکەی هەمان کاریگەری دەکاتە سەر" جەنین" و ئەنجام و ئاکامەکەشی دەبێتە هۆی تێکچوونی "جەنین" و ئاکامیش درووست بوونی بەربەست و ڕێگرتن لە ڕووی گەشەکردن و نەشونماکردنی جەستەیی و ئەقڵی جەنین تادەگاتە ئەو ڕادەیەی ئەم هۆکارانە دواکەوتەژیری لێ بکەوێتەوە.
٧. دووچاربوونی خودی جەنین بەهەندێ نەخۆشی کەم باو یان دەگمەن کەبڵاوبونەوەو تەشەنەی ئەم نەخۆشیانەش لەنێوەندی هەندێ گەل و ڕەگەزدا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بەربڵاوە، بۆ نموونە وەك نەخۆشی "تایساکس"Tay-sachsdisease کەبە ئەمورتیکی کوشندە ناوزەند دەکرێتcAmorti نیشانەکانیشی لە ئاستی شەلەل و کوێربوون و تێکچوونی کۆئەندامی سەرەکی و پەردەی چاوا دەردەکەوێت و ڕەچاودەکرێت.
وەهەروەها نەخۆشی "فون رکلنجهاوزنز"و ReckInghausens Vonهەروەها نەخۆشی "برش فیلد"Brush Field کە دەبنە هۆی ئاوسانی دەزوولە دەماریەکان وەیان ئاوسانی مولوولە خوێنەکانی نێوچەوانی "جەنین" ئاکامیش ڕەچاوبوونی دواکەوتەژیری لێدەکەوێتەوە.
دووەم:هۆکارەکانی کات و ساتی مناڵ بوونCauses Perinatal.
لێرەدا گوزارشت لەو کۆمەڵە هۆکارو ئاستەنگانە دەکەین کە لە کات و دەمەدەمی مناڵ بوونا یەکانگیرو ڕووبەڕووی دایکەکە دەبێت و پاشان کاریگەری دەکاتە سەر منداڵەکە، دوریش نیە ئەو ئاستەنگ و پشێویانە لەهەمان کات و ساتدا دووچاری منداڵەکە نەبێت و هۆکاری ناتەندروست و دواکەوتەژیری لێ نەکەوێتەوەو منداڵەکەش تا دوا هەناسەکانی ژیانی پێوەی نەناڵێت و لێی نەبێتەوە.
جالەبەر ئەوە کات و سات و دەمەدەمی لەدایك بوون بریتیە لەهەرە کاتە گرنگ و هەستیارەکان سەبارەت بەژیانی منداڵەکە، لەبەر هەندێ "فرۆید"یش وای بۆچووە کەساتەوەختی لەدایك بوونی مناڵ بریتیە لەو ساتە وەختەی کەمنداڵەکە دووچاری سەدمەیەك دەبێت وەك زەنگێکی ترسناك ئاسا لەژیانیدا، وەئەگەر بێت و لەدایك بووەکە

دووچاری ئەو سەدمەی لەدایك بوونە بێت ئەوا بێگومان هەمیشە دڵەڕاوكێ یەكانگیری دەبێت و دووریش نیە مەترسی مردنی لێ نەكەوێتەوە.
منداڵیش ئەودەمەی لەدایك دەبێت و دێتەژیانەوە دووچارو بەرەوڕووی یەكێك یان زێترلەو ئاستەنگانە دەبێتەوەكە بە ئاستەنگی سەخت یان لە دایك بوونی ووشك یان لە دایك بوون بەشێوەیەكی خنكاو، كە هۆكاری ئەم ئاستەنگەیان دەگەڕێتەوە بۆ كەمبوونەوەی یان نەمانی ئۆكسجین و نەگەیشتنی بۆ ماوەیەكی زۆر كەم خایەن لە ڕێگەی خوێنەوە بە كۆرپەلەكە، ئەم ئاستەنگ و دۆخەش بە "اسفیكسیا"Asphyxia یانCerebral Anoxia ناوزەند دەكرێت.
لەم بارودۆخەشدا نەمان و نەگەیشتنی ئۆكسجین بۆ مێشكی لەدایك بووەكە دەبێتە هۆی تێكچونی هەندێ لەخانەكانی مێشك و ئاكامیش لێ كەوتنەوەی دواكەوتەژیری یان لێ كەوتنەوەی هەندێ جووڵە پشێوی.
ئەمە سەر باری ئەوەی هەندێ جار لەكاتی بوونی نۆبەرەداو لەپێناو بە ئەنجام گەیاندنی لەدایك بوونەكە گەر بێت و بزانرێت بەزەحمەت لەدایك دەبێت ئامێروكەرەسەی ئاسانكاری بەكاربهێنرێت بێگومان كاریگەری خۆی هەیە لەحەناى چۆنێتی هاتنە ژیانی منداڵەكەدا، لەبەر هەندێ هەر لەسەرەتای دروست بوونی سك پڕیەوە پێویستە دایك هاموشۆی پزیشكی پسپۆرو شارەزا بكات لەبوارەكەدا بە مەبەستی سەرپەرشتیاركردن، وەهەروەها منداڵ بوونەكەش لەژێر چاودێری و سەرپەرشتیاری پزیشكدا بێت یان لەژێر چاودێری مامانێكی پسپۆردا بێت، جگە لەوەش گەر هاتوو زانرا دایكەكە بەشێوەیەكی زەحمەت و گران منداڵەكەی دەبێت زۆر گرنگ و پێویستە ڕاستەوخۆ بگوێزرێتەوە بۆ نەخۆشخانەو پزیشكی تایبەت سەرپەرشتیاری لەدایك بوونەكە بگرێتە ئەستۆ.
٣. هۆكارەكانی پاش لەدایك بوونFactors Postnatal:
ئەم دۆخەش ئەو كارەسات و جۆرە نەخۆشیانە لەخۆ دەگرێت كە منداڵەكە بەتایبەتی لەسەرەتای تەمەنیدا دووچاری دەبێت. پاشان ئەو كارەسات و نەخۆشیانە دەبنە هۆی تێكچونی دەمارەكانی كۆئەندام وەیان بەشێك لە بەشەكانی دەمارەكانی كۆئەندام، وەهەندێ لەم كارەسات و نەخۆشیانەش كە دووچاری منداڵەكە دەبێت ئەمانەن:
١. هەوكردنی پەردەی دەماغ Meningitis:
دووچاربوونی ئەم هەوكردنەش لەڕێگەی بەكتریایەكەوەیە كە بە بەكتریایMeningococcus ناوزەند دەكرێت، كاریگەری دەكاتە سەر توێژكاڵەكانی دەماغ و چەقی دەمارەكانی كۆئەندام.
٢. هەوكردنی دەماغEncephalitis:
ئەمەش هەوكردنێكی گشتیە هۆكارەكانی دووچاربوونی دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ بەكتریاو ڤایرۆسی هەمەجۆر
. ٣. ئەو نەخۆشیانەی كە لەئاكامی نەمانی پەتكەكانەوە دروست دەبن وەیان بەمانای نەمانی مادەی پەتكەیی"المادە النخاعیە"Diseases Demyelinating، ئەمەش جۆرێكن لەو نەخۆشیانەی كە دەبنە هۆی هەوكردنی پەتكەدەمارو دواجاریش كاریگەری كردنە سەر دەمارەكانی كۆئەندام
٤. تێروتەسەل نەبوونی مادەی سپێنەی دەماغ بەخۆراكLeucodystrophies:
ئەمەش شێوازێكە لەو نەخۆشیانەی كە دەبێتە هۆی پوكاندنەوەی سپێنەی دەماغ كە لە شانەیەكی دەماریی پێك دێت. كاریگەری ئەم نەخۆشیانەش زۆر بەجەختە تەنانەت زۆر

جار دوای چەند مانگێك یان چەند ساڵێکی کەم سەرهەڵدانی نەخۆشێکە منداڵەکە بەرەو دووچاربوونی مردن دەبات.
. ٥. پشێویەکانی گرژبوون ulsiveDisorders Conv:
پشێوێکانی گرژبوون دەچێتە خانەی دواکەوتەژیریەوە، وەهەندێ لە لێکۆڵەرەوەکانیش لە گەڵ ئەوەدا هاوڕان کە ئەم پشێوی و نائارامیانەی دەبنە هۆی یەکانگیربوون زیاتر لەو بارودۆخانەدا تەشەنە دەکات کە تێکچوونی دەماغ لە ئارادا بێت، هەر لەبەر ئەوەشە ئەم جۆرە پشێویە دەگەڕێننەوە بۆ دیاردەی تێکچوونی دەماغ بەبێ ئامازەکردن بەهیچ هۆو هۆکارێکی تر.
٦. پشێوی ڕژێنەکان و بێ توانایی ئەنجام دانی ئەرکەکانی Dysfunetion Glandular.
شێوەی ئەم پشێویانەش، وەکو پشێوی مێشکە ڕێژ"الغده النخاميه"Gland Pituitary وەهەروەها ڕژێنەی دەرەقی Gland Thyroid و ڕژێنەی تایموس Gland Thymus ئەم ڕژێنەیەش دەکەوێتە بن ملەوە، وەهەر
وەها ڕژێنەکانی زاووزێ Gonads. ئەم ڕژێنانەش بریتین لەو ڕژێنە سەرەکیانەی کە گەشەو تەوازنی هۆرمۆنەکان ڕادەگرێت لەلەشدا.
وەهەرنارێکی و نادروستیەك کە کاربکەنە سەر ئەنجامدانی ئەرك و فەرمانەکانی ئەم ڕژێنانە ئەوا بە ئاشکرا کاردەکەنە سەر گەشەو نشونمای جەستەیی و ئەقڵی منداڵەکە، وەکاریگەرێتی ئەم ڕژێنانەش لە کاتی دواکەوتە ژیریدا دەردەکەوێت کە بەدواکەوتەژیری"کرتینیزم Cretinism ناوزەند دەکرێت و دەبێتە هۆی دروست بوونی پشێوی لە ڕژێنەی دەرەقیدا، ئاکامەکشی نارێکی و ناقۆلایی لەش و کورتی بالاو گەورەبوونی کاسەی سەروگێلی و دەبەنگی لێ دەکەوێتەوە.
٧. زیان پێگەیاندنی دەماغ بەهۆی ڕووداوو کارەسات و سەدمەوە Injury Brain (Trauma).
هەندێ جار وارێدەکەوێت ڕوودانی کارەسات و سەدمە پاش لەدایك بوون ببێتە هۆی گەیاندنی زیان بە دەماغی منداڵەکە، ڕێژەی زیانەکەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری و قەوارەی چەندایەتی و چۆنێتی دووچاربوونی ڕووداوو کارەساتەکە، وەهەروەها تەمەنی منداڵەکەو دەست نیشان کردنی جێی دووچار بوونەکەش، وەهەندێ لە شارەزایان و پسپۆران لەو بڕوایەدان کاریگەری ئەو ڕووداوو کارەساتانە پەیوەندیان هەیە بەکەسایەتی و ڕێژەی ژیری دووچاربووەکەوە واتە پێش ئەوەی تووشی ڕووداوەکە ببێت، وەلێرەدا گەر بێت و دووچاربوونەکە کاریگەری کردبێتە سەر توێژکاڵەکانی دەماغ ئەوا بێ گومان کاریگەری دەکاتە سەر تاکە کەسەکەو لەزمان و بیرکردنەوەی دەخات.
٨. دوا بەدوای ئەمانەش هەندێ نەخۆشی تر هەیە کە منداڵ دووچاری دەبێت، وەکو سورێژەی ئەڵمانی و کۆکەڕەشەو دڕکەومێکوتە، لە ڕاستیشدا مەترسیەکان لەوەوە سەر هەڵدەدەن کە ئەم نەخۆشیانە بەتایەکی ئێجگار پلە بەرز دەست پێ دەکات وتەندروستی دووچاربووەکە بەرەو مەترسی دەبات و دەبێتە هۆی تێکچونی هەندێ لە بەشی دەماغی منداڵەکەو دوا جاریش ئاکامی لێکەوتنەوەی دواکەوتەژیری.
لەم بارودۆخانەشدا کە منداڵ دووچاری ئەم نەخۆشیانە دەبێت دەست بەجێ پێویستە گرنگی و بایەخ بەوە بدرێت پلەی گەرمای منداڵەکە کەم بکرێتەوەو دابەزێنرێت.
چوارهەم: هۆکارە دیاری نەکراوەکان Factors Undifferentiated.
ئەوەی شایەنی وتنە کە تا ئێستا پتر لە سەد هۆو هۆکار هەن کە دەبنە هۆی دووچاربوونی دواکەوتەژیری، لێ ئەو هۆکارە زانراوو دەست نیشان کراوانە تەنها ڕێژەکەی لەبازنەی لە

٢٥% دا خۆیان دەبیننەوە، ئەمەش ئەوە دەگەێنێت كە بەردەوام لێرەو لەوێ هەندێ كەس لە دۆخی دواكەوتەژیریدان بەبێ ئەوەی نیشانەكانی دواكەوتەژیریان پێوە دیار بێت، لە تەك ئەوەشدا ئەرك و فەرمانەكان و هەڵسوكەوتی ژیرێتیان تا ڕادەیەك دیاری كراوە، ئەم شێوە دواكەوتەژیریەش خۆی لە ڕێژەی ٧٥% دا دەبینێتەوە، وەدەتوانین ئەم شێوە دواكەوتەژیریە بخەینە خانەی دواكەوتەژیریە ساكارو هاكەزاییەكانەوە، ئەم جۆرە كەسانەش توانای ئەوەیان هەیە كە كارو باری رۆژانەی خۆیان بە شێوازی جیا جیا بەڕێوەبەرن، وێڕای ئەوەی كە زووربەی ئەم كەسانە لە سەرەتای گەشەو نشونمایاندا پێویستیان بە چاودێری كردن و ڕاهێنانی كۆمەڵایەتی هەیە.

لەم ڕوانگەیەشەوە كۆگەلێك لە زانایانی دەروون ناس لەو بڕوایەدان كە زووربەی زۆری ئەم بارودۆخانە دەرەنجامەكەی ئەو هۆكارە ڕاستەوخۆیانەن كە پەیوەستن بە ژینگەی كۆمەڵایەتی و بارودۆخی ئابوری و كەم ڕۆشنبیریەوە، لەم بارەیەشەوە سەلماندنی بیروڕاوبۆچونەكانیان بەو توێژینەوانە پشت ئەستوور دەكەن كە هەندێ شێوازی جیاوازیان بۆ دەركەوت سەبارەت بە توێژینەوەی تاكەكەسی لە سەر هەندێ منداڵی بێ بەش بوو لە ژینگەی ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتی بەجێ، نمونەش بۆ ئەمە وەك منداڵەكەی"ئەڤیرۆنی فەرەنسا" كە ئەركی توێژینەوەكەی "ئیتارد Itard" گرتبویە ئەستۆی خۆی، وێڕای ئەو توێژینەوە بەراوردكاری و ئەو توێژینەوە ئەزمونگەریە سەركەوتوانەی كە لە ژینگە ڕۆشنبیریە جیاجیاكاندا بەئەنجامی گەیاند.

لەم ڕووەشەوە"هنت Hunt" لە ڕوانگەی توێژینەوەیەكی شیكاریەوە سەبارەت بە پەیوەندی نیوان ئەزمون و گەشەی ئەقڵیەوە ئەوەی ڕەچاوكرد كە ئەزمون و ژیرێتی منداڵ لە هەڵسوكەوتە سەرەتاییەكانیدا كاریگەری بەرچاوو ئەوتۆ دەكەنە سەر پەرەپێدان و گەشەو نەشونمای ژیری.

وەهەروەها بانگهێشتەرانی كاریگەری هۆكارە ڕۆشنبیریەكان لەبارەی دواكەوتەژیریەوە كۆك و هاوڕان لەسەر ئەوەی كە ژینگە ڕۆشنبیرێكان هۆكاری سەرەكین ئەمەش پشت بەستن بەو توێژینەوانەی كە زانستیانە دەست نیشانی ئەو هۆكارانەی كردوە كە جێ گۆركێ پێكردنی منداڵ لە ژینگەیەكی ڕۆشنبیریەوە بۆ ژینگەیەكی تر هۆكاری سەرەكین بۆ وەدەركەوتنی ڕادەی ژیری منداڵ لە سەرەتای تەمەنیدا، لێرەدا وای بەپێویست دەزانین ئاماژە بەو توێژینەوانەو دەرەنجامانە بدەین كە هەندێ لە پسپۆڕان و زانایان و توێژەرەوان ئەنجامیان داوە.

بەم پێیەش توێژینەوەیەكی ئەزمونی"سكیلز و دای Skeels&Day " دەخەینە ڕوو كە لەبنكەیەكی بێ نەوایاندا"میتم" بەسەر ٢٥ منداڵی تەمەن سێ ساڵان و بەرەو خوارتر ئەنجامیاندا، سەرەتا منداڵەكانیان كرد بە دوو بەشەوە، بەشی یەكەمیان بریتی بوون لە ١٣ منداڵ كە بەبەشی تاقیكراوە جیاكرابونەوەو دانرابوون، ڕێژەی ژیریشیان لەنێوان ٣٥ - ٨٩ دەست نیشان كرابوو، ناوەندە ژیریشیان بەپێی پێوەری گەشەی ژیری "كۆڵمان "Kuhlman

بەبڕی ٦٤ پێورابوو، ئەم ١٣ منداڵە گوێزرانەوە بۆ بنكەیەكی تایبەت بەدواكەوتەژیری، هەر یەك لەم منداڵانەیان خستە هۆڵێكی تایبەتەوە بۆ ئەوەی لەچاودیران و سەرەوكارانی بنكەكە بگەێنرێت كە هەر یەك لەم منداڵانە دواكەوتەێكەی گەلێ كاریگەرە تاوەكو لەڕوانگەی چاودێری و خزمەتگوزاری و چارەسەركردنەوە وێڵ نەكرێن و بایەخ و گرنگیان پێبدرێت.

بەشی دووهەمیشیان کەپێك هاتبوون لە ١٢ منداڵ، کەڕێژەی ژیریان ٥-١٠٣بوو بەبڕو ناوەندە پێوانەی ٦بۆ ٨٧هەر لەهەمان بارودۆخی نەگۆڕو دوور لەخزمەتگوزاری بنکەکدا جێهێڵران. پاش ئەم هەوڵ و کۆششە دوای ساڵ و نیوێك ژیان بەسەربردن لەو بنکەیەدا، منداڵەکانی پێشویان (واتە١٣کە) خستەوە ژێر لێکۆڵینەوەو توێژینەوە، وە هەوڵیاندا سەر لەنوێ ڕێژەی ژیریان جارێکی تر بپێورێتەوە، لە ئاکامدا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ڕێژەی پلەی ژیری ئەم کۆمەڵە دەست نیشان کراوە بەرەو ئاقارو ئاستێکی بەرزتر بەڕێژە پلەی ٥بۆ٢٧ هەڵکشاوە، بەپێچەوانەی کۆمەڵەی دووهەمەوە (واتە١٢کە) دوای سیی مانگ هەستان بە سەر لەنوێ دەست نیشان کردنی ڕێژەی ژیریان، لە ئاکامدا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ڕێژەی ناوەندە ژیریان بە ڕێژەی ٢بۆ٢٦ پلە ڕووی لە ئاستی نزمبوونەوەکردوە بەبەراورد کردن لەگەڵ ڕێژەی پلەی ژیری پێشوتریان.

پاش ئەمەش بۆ هەمان مەبەست"سکیبلز" دوو توێژینەوەی یەك لە دوای یەکی بەسەر هەمان ئەو منداڵانەدا بەئەنجام گەیاند، یەکەم توێژینەوەی پاش سێ ساڵ دەست پێکرد، دووهەم توێژینەوەشی پاش بیست و یەك ساڵ دەست پێکرد، وە لەم دوو توێژینەوە یەك لە دوای یەکەدا "سکیلز" گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو منداڵانەی لەژێر رکێفی چاودێراندا دەگوزەران و ژیانیان دەبردەسەر ڕێژەی ژیریان ڕووەو هەڵکشان و باشتر دەچوو، بەپێچەوانەی ئەو کۆمەڵە منداڵەی کە لەبنکەی بێنەوایاندا دەگوزەران و ژیانیان بەسەردەبرد لەهەمان بازنەو دۆخی حۆیانا مابوونەوەو ڕێژەی ژیریان زیاتر ڕووی لەکەمبوونەوەو نزمبوونەوە دەکرد.

وەلێ توێژینەوەی دووهەمی "سکیلز"کە پاش بیست و یەك ساڵ بەسەر ئەو کەسانەدا ئەنجامیدا کە لەو دەمەدا تەمەنی هەر یەکەیان گەیشتبوە ٢٠ساڵ بۆ ٣٥ ساڵ، هەموییانی لەهەمان بارودۆخدا ڕەچاوکرد، بێجگە لەیەکیکیان کەئەویش مردن زەفەری پێ هێنابوو، لەکۆتاییشدا "سکیلز" گەیشتە ئەم ئەنجامانە:

١. سەرجەم ئەو کەسانەی بەبێ ئەوەی هیچ کەسێکی سەرپەرشتیار لەبنکە کۆمەڵایەتێکەدا هاریکاری و چاودێریان بکات خۆیان بایەخ و گرنگیان بەکاروبارەتایبەتی و گشتیەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان داوە.

٢. تەنها کەسێك لە سەرجەم ئەو کەسانەی کە توێژینەوەکە بایەخ و گرنگی پێدابوون لە تەمەنی هەرزەکاریدا گیانی لەدەست دابوو، وەچواری دیکەشیان هەر لەبنکە تایبەتێکانی دواکەوتەژیریدا مابونەوەو هەر لەوێش بەردەوامیان بە ژیان دەدا.

٣. ناوەندە خوێندنی ساڵانەی"متوسگ السنوات الدراسیە" ئەو کەسانەی کە توێژینەوەکە بایەخ و گرنگی پێ دابوون بریتی بوو لە ١٢ ساڵ، بە پێچەوانەی ناوەندە خوێندنی ئەو کەسانەی کە خۆیان سەرپەرشتیاری خۆیان دەکردو ماوەی خوێندنەکەشیان لە سێ ساڵدا کۆتایی پێ هێنا.

لەم توێژینەوەیەدا، کە لەم بوارەدا بەتوێژینەوەیەکی کەم وێنەو درێژ خایەنی یەك لەدوای یەك دادەنرێت، "سکیلز" گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە جیاوازیەکانی ژینگەی ڕۆشنبیری سەبارەت بەمنداڵ بەتایبەتی ئەو منداڵانەی لەسەرەتای ساڵەکانی تەمەنیدا پێویستیان بەگەشەونشونمای جەستەیی و ئەقڵی هەیە، بەو مانایەی شێوە پێکهاتەی ڕۆشنبیری منداڵەکە هەڵگرو ڕەنگدانەوەی ئەو ژینگەیەیە کەتیایدا نشونمای تێدا دەکات و تاگەورەبوونیش یەکانگیری دەبێت.

ئەنجامی توێژینەوەکانی"سکیلز" هاوڕاو هاوئەنجامی ئەو دوو توێژینەوەیەیە کە"کیرك"لەساڵەکانی ١٩٥٨و١٩٦٥ ئەنجامی دان، لەتوێژینەوەی یەکەمدا"کیرك" ١٥ منداڵی لەبنکەیەك لەبنکەکانی دواکەتەکاندا هەڵبژاردو لەسەر بنەمای ئەو بەرنامە پەروەردەییانە مامەڵەی لەتەك کردن کە بۆ قۆناغی پێش خوێندن دەشێن و پەیڕەو دەکرێن، وە ١٢ منداڵی هاوتەمەن و هاوژیری ١٥ منداڵەکەشی لە هەمان بنکەی خۆیاندا هێشتەوە، ناوەندە تەمەنی ئەم دوو کۆمەڵە منداڵەش لە سەرەتای دەست پێکردنی توێژینەوەکەدا بریتی بوون لە چوار ساڵان و نیو، پاش سێ ساڵ (واتە تەمەنی منداڵەکان٧-٨ ساڵان بوون، "کیرك" بەپێی پێوەری (ستانفوردو بینەو کۆڵمان) بۆ نشونمای ئەقڵی وەهەروەها پێوەری (فاینلند) بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە کۆمەڵەی یەکەم (واتە١٥ منداڵەکە) پلەی گەشەو نشونمای هەر یەکەیان ڕوو لەهەوراز بوون بەپێچەوانەی کۆمەڵەی دووهەمەوەکە پلەی گەشەو نشونمایان ڕووەو نزم بوونەوە دەچوون، لەو ماوەیەشدا"کیرك" ئەوەی بۆ دەرکەوت کە شەش منداڵی کۆمەڵەی یەکەم لەبەر ئەوەی ڕێژەی ژیری و لەنگەرگرتنی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیان ڕووەو باش بوون دەچوو بنکەکەیان جێ هێشت بەرەو ماڵە باوانیان یان بەرەو ئەو خانەوادانە چوون کە کاتی خۆی لەبنەڕەتەوە لای خۆیان گلیان دابوونەوە، بەبەراورد لەتەك کۆمەڵەی دووەم کە هیچ کامێکیان بنکەکەیان جێ نەهێشت.

توێژینەوەکەی دووهەمیشی کە لە ساڵی ١٩٦٥ بەئەنجامی گەیاند بریتی بوو لە خۆگرتنی ١٢ منداڵی سەر بەخانەوادە هەژارو کەم دەرامەتەکان، ئەم منداڵانەش تیایاندا بوو جمك"دوانە" بوون بەڵام توێژینەوەکە بەتاك لەخۆی گرتبوون"کیرك" ئەم منداڵانەی سپارد بەقوتابخانەیەکی تایبەت بەدواکەوتەکان، وە بەگوێرەی بەرنامەی داڕێژراوو پەروەردەی تایبەتەوە هەڵسوکەوت و مامەڵەیان لەتەکدا دەکرا، کاتێکیش ئەم منداڵانە لەتەك برا هاکەزاییەکانیان و برا دوانەییەکانیان کەپێشتر ژیان و گوزەرانیان لەهەمان چەشنە خانەوادەدا بەسەردەبرد (واتە هەژارو کەم دەرامەتەکان) بەبێ ئەوەی هاوبەش بن لەو بەرنامە داڕێژراوەدا کە بۆ ئەوانی تر تەرخان کرابوو، یەکی پێگرتنەوەو لەتەك چوار منداڵی هەمان چەشنە خانەوادەدا کەپێشتر لای خانەوادەی تر گلدرابوونەوەو ئەرکی پەروەردەو بەخێوکردنیان گرتبوە ئەستۆ بەراوردێکی لەنێوانیاندا سازان و لەئەنجامدا پوختەی خاڵەکانی بەراوردکردنەکەی بەم شێوەیە خستەڕوو.

ڕ. هەر چوار منداڵەکە ڕێژەی گەشەونشونمای ئەقڵیان ڕوویان لەهەوراز کردبوو.

ب. تەنها دوولەسەرسێی منداڵەکانی تر گەشەونشونمای ئەقڵیان بەخۆوەبینی.

ج. تەنها ٧ منداڵ لەوجمکانە (دوانە) ڕێژەی گەشەونشونمای ئەقڵیان ڕوویان لەهەڵکشان و هەورازکرد، بەبەراورد لەتەك هەندێکیانا کە لەهەمان دۆخ و ڕێژەی ئەقڵی خۆیاندا مابوونەوەو هەندێکیشیان ڕێژەی ئەقڵی و گەشەونشونمای کۆمەڵایەتیان ڕوویان لەنزمبوونەوە دەکرد.

وەئەنجامی ئەم بەراوردکردنەی کە"کیرك"هەڵیهێنجا ئەوەبوو گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ئەو منداڵانەی لە تەمەنی پێش چوونە قوتابخانە لەپەروەردەو ڕێنمایی بێ بەش دەکرێن و لەخانەوادەیەکی هەژارو کەم دەرامەت و کەم ڕۆشنبیریدا ژیان دەگوزەرێنن لەسەر هەمان ڕێچکەو گەشەونشونمای ڕێژەی ئەقڵی خۆیان دەمێننەوە، وە لەگەڵ هەڵچونی تەمەنیشیاندا ڕێژەو گەشەونشونمای ئەقڵیان هەر ڕوو لە نزمی دەکات گەر بێت و هەر لەو ژینگەیەدا ژیان بەرنەسەرو لە بەرنامەو پەروەردەو ڕێنمایی تایبەتی بێ بەش ببن، وە

بەپێچەوانەشەوەگەر بێت و بدرێنە دەست ئەو خانەوادانەی کە ئەرکی پەروەردەو ڕێنمیایی و بەخێوکردنیان دەگرنە ئەستۆ"تبنی" ئەوا بێگومان گەشەونشونمای کۆمەڵایەتی و ڕێژەی ژیریان ڕوو لە هەڵکشان دەکات.
پاش ئەمەش "شمیت"Schmidt توێژینەوەیەکی بەسەر کۆمەڵە منداڵێکی تردا ئەنجامدا کەژمارەیان بریتی بوو لە ٢٥٤ منداڵ، ئەم منداڵانە ژیانیان لە بنکەیەکی پەروەردەیی تایبەت بەدواکەوتەژیرەکان بەسەردەبرد لەئاکامدا" شمیت" گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە پاش سێ ساڵ گوزەران و ژیان بردنەسەری ئەو منداڵانە لەوبنکە تایبەتیەدا ناوەندە ڕێژەی ژیریان ٥٢، ١ پلە بۆ ٧٦، ٦ پلە ڕوویان لە هەوراز کرد، ڕێژەو پلەی ئەم هەورازیەش بەرەو بەردەوام بوون دەچوو تاوەکو لەکۆتایی هاتنی ماوەی پێنج ساڵدا گەیشتە پلەی ٨٩، ٣ پلە لەبەر ئەوەی لەو ماوەیەدا لەو خزمەت گوزاریە تایبەتیانە بێ بەش نەدەکران.
ئەنجامەکانی توێژینەوەکەش ئەوە دەخەنە ڕوو کە ٦٠% ی ئەو منداڵانەی ڕێژەی ژیریان بەرەو هەوراز دەچوو توانرا لە دواکەوتە ژیرەکانیان دابڕن و بیانگوێزنەوە بۆ ناو منداڵە گونجاوەکان کە هاکەزایی و بێ گیروگرفت ژیان دەبەنەسەر، وە لە٨١% ی منداڵەکانیش ڕێژەی ژیریان بەلایەنی کەمەوە بە پلەی ٣٠ ڕوویان لە هەوراز دەکرد، بەپێچەوانەی ئەو منداڵانەی کە هیچ جۆرێك لەو بەرنامەو ڕێنمایی و ڕاهێنانی تایبەتی و خزمەت گوزارێکان بێ بەش کرابوون و ڕێژەی ژیریان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو نزم بوونەوە دەچوو.
وێڕای ئەو توێژینەوانەی کە ئەو زاناو پسپۆڕانە ئەنجامیانداو لەبارەیانەوە دوان، گەلێك توێژینەوەی تریش لەم بوارەداکراوە، لەبەر ئەوەی زووربەی هەرە زۆریان چوون یەکن و ئەنجامەکان لە خاڵی هاوڕاییدا یەك دەگرنەوە بەپێویستمان زانی درێژە بەتەرجومەکردنی نەدەین و ئەو نموونەو توێژینەوانەی کەخستمانە بەردیدی بەڕێزتان بە کیفایەتی بزانین، وە ئەوەی لێرەشدا جێی وەبیرهێنانەوەبێت گومان لەوەدا نیە کە هۆکارەکانی ژینگە چ ڕۆشنبیری بێت وەیان پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی کاریگەری تایبەتیان هەیە لەسەر نشونماکردنی ژیری منداڵ جگە لەو هۆکارە بایەلۆجی و فسیۆلۆجیانەی کە پێشتر بەهۆی بۆماوەییەوە دایك و باوك لەڕێگەی باوانیانەوە هەڵیان گرتووەو لەژیانی خێزانیاندا جارێکی تر درووست دەبێت و هەڵدەداتەوە.

*سەرچاوە:التخلف العقلی، د.سلێمان الریحانی،چاپی یەکەم ١٩٨١،ل ٦٣-٧٢

*سەرچاوە:د.سلێمان الریحانی،١٩٨١ چاپی یەکەم ، ل٦٣-٧٢.